سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان edf

IOM UN MIGRATION



# سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی ئافرەتان

٢٣ی حوزەیران

**سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF)ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پرۆگرامێکی نوێ و تازەگەرانەیە پاڵپشتی کاروکاسبی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا دەکات، ئەمەش لەرێگەی ژیاندنەوە و بەگەڕخستنەوەی کەرتی تایبەت و گەشەپێدانی ئابوری لەرێگەی بە ئامانجگرتنی پرۆژە و کار و بزنسە بچووک و مامناوەندەکان (SMEs) لە عێراق دا.**

**بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو گۆرانکاریانەی کە لەبازاڕدا ڕوودەدەن و بۆ گونجان لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کەرتەکان و کار و بزنس و پرۆژەکان، سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان ڕاددە و ئاستی خۆگونجاندنەکانی فراوانکرا، لەوانەش بۆ گرتنەخۆی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە کلتوورییەکان (EDF-C)، سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە کشتوکاڵییەکان (EDF-A)، سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی ئافرەتان (EDF-W)، سندوقی گەشەپێدانی پرۆژە تازەگەرییەکان (EDF-i) و سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی نۆژەنکردنەوە و تەعمیرکردن (EDF-T).**

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی ئافرەتان لە ساڵی ٢٠٢١ دا دامەزراوە و ئامانجی پاڵپشتیکردنی ئەو کار و بزنس و پرۆژانەیە کە لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەنداریەتی دەکرێن، ئەمەش بەمەبەستی زیاترکردنی ئافرەتانی خاوەنکار و پرۆژە و هاندانی بەشداریکردنی ئافرەتان لە هێزی کاردا. دوو ئامانجە سەرەکییەکەی ئەم سندوقە بریتین لە پاڵپشتیکردن ئەو کار و بزنس و پرۆژانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە بەرێوەدەبردرێن تا کارەکانیان فراوان بکەن لەرێگەی کارئاسانیکردنی دەستگەیشتن بەسەرمایە بۆیان، هەروەها پاڵپشتیکردنی ئافرەتانی کارخواز بۆ نێو هێزی کار کە لەوانەیە ئەو ئافرەتە کارخوازانە ڕووبەڕووی بەربەستی کلتووری، ئابوری و کۆمەڵایەتی ببنەوە.

بەمەبەستی دابینکردنی پێویستییەکانی ئافرەتانی خاوەنکار و بزنس و ئافرەتانی کارخواز لە دۆخی عێراق دا، سندوقی گەشەپێدانی پرۆژکانی ئافرەتان ڕەچاوی ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە دەکات:

- زۆرترین لەو کار و بزنسانەی کە لەلایەن ئافرەتانەوە خاوەندارییەتیدەکرێن کار و بزنسی قەبارە بچووکن و زۆربەی جار پێویستیان بە ژمارەیەکی کەمی کارمەندە و پێویستیان بە سەرمایەیەکی کەمیشە بۆ گەشەسەندن و فراوانبوونی بەردەوامیان، دەبێت ئەمە لە پێوەرەکانی هەڵبژاردان ڕەنگبداتەوە و لەبەرچاو بگیرێت.
- سنووردارییەتی دەستگەیشتن بە سەرچاوە و سەرمایەی دارایی، بۆ بە ئامانجگرتنی ئەو کار و بزنسانەی تازە دادەمەزرێن و ئەوانەشی لەسەرتادان.
- دانانی سیستەمی ڕەوانەکرد لەلایەن ڕێکخراوە هاوبەشەکانەوە بۆ ئەو ئافرەتە خاوەنکارنەی کە مەشق و ڕاهێنانی کار و بزنس و هاوکاری ماددی دانانی کار و بزنسیان وەرگرتووە.
- پێشینەپێدان و هاندانی ئەو کار و بزنسانەی کە تازەن و لە کەرتی جیاوازن.
- دابینکردنی خزمەتگوزاری مەشق و ڕاهێنانی سەر کار بۆ ئافرەتانی کارخواز.
- ڕەخساندن و دیاریکردنی کەشێکی سەلامەت و بەدەر توندوتیژی ڕەگەزی دژی ئافرەتان و دانانی ڕێگەچارەی پاراستن و پارێزگاریکردن لێیان.

## باگراوند/پێشینە و توێژینەوە

بۆ باشتر تێگەیشتن لە پێویستییەکان و بێ توانایی ئافرەتانی خاوەنکار و بزنس و ئافرەتانی کارخواز، ڕێکخراوی IOM توێژینەوەیەکی کەڵکدارییەتی ئەنجامدا و دەستنیشانی ئەوەیکرد کە ئافرەتان پێویستیان بە پاڵپشتی زیاترە بۆ گەشەپێدانی کار و بزنسەکانیان. هەروەها سنووداربوونی ئازادی ئافرەتان لە هاموشۆکردن و لە بڕیاردان لە وەبەرهێنانکردن لە کار و بزنسەکانیان دا لە دیارترین فاکتەرەکان بوو کە بەربەست و سنوور لەبەردەم گەشەسەندنی کار و بزنسەکانی ئافرەتان دورستدەکەن.

هەڵسەنگاندنەکە ئاماژەی بە گرنگی دەستگەیشتن بە:

- سەرمایەی دارایی
- پاشەکەوتکردن،
- پاڵپشتی تەکنیکی
- دروستکردنی تۆڕی و پەیوەندییەکان و وەرگرتنی خول و مەشق و ڕاهێنان کرد

کە زۆربەی کات ئەمانە بۆ ئافرەتان بەردەست نین.

لە ساڵی ٢٠٢٢ دا، ڕێکخراوی IOM توێژینەوەی کەڵکدارییەتیەکەی لەرێگەی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێک و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لێی بۆ پاڵپشتیکردنی ئافرەتانی خاوەنکار و بزنس لە عێراق دا فراوانترکرد. دەرئەنجامەکانی ئەم هەڵسەنگاندنە کرانە چەند ڕاسپاردەیەک کە ڕێبەری و ڕێنمایی پرۆسەی داواپێشکەشکردن، مەرج و پێوەرەکانی هەڵبژاردن و میکانیزمەکانی پاڵپشتیکردنی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی ئافرەتان دەکەن.

**هاوکاریکردنی ماددی ئافرەتان بۆ بەشداریکردن لە هێزی کار دا**

**شوباتی ٢٠٢١**

**تەواوی ڕاپۆرتەکە لێرە بەردەستە:**
**https://edf.iom.int/Publications/View/17**

**پاڵپشتیکردنی ئافرەتانی خاوەنکار لە عێراق**

**کانوونی دووەمی ٢٠٢٢**

**تەواوی ڕاپۆرتەکە لێرە بەردەستە:**
**https://edf.iom.int/Publications/View/24**

# بەرهەمهێنراوی عێراقە

## چیرۆکەکان



### بەرگدرووی نەمبەر وەن

مەهاباد شەریف تا گەورە بووە هەر دایکی، گوڵچین حەمید معروف،ی بینیبووە کە جل بۆ تەواوی خێزانەکەی دەدروێت. بەڵام گوڵچین هەمیشە و بەردەوام بەرگدروو و بژێو پەیداکەر نەبووە، چەندین ساڵ خولیا و سەرسامی مەکینە درووماەنەکەی دایکی هاوسەرەکەی بووە، کەچی نەیتوانیبوو داوای بکات. بە تێپەڕبوونی کات جورئەتی ئەوەی پەیداکرد کە دوای ئەو مەکینە درووماەنە لە خەسوو بکات و لە کۆتاییدا هاوسەرەکەی مەکینەیەکی درووماەنی بە دیاری بۆ گوڵچین کڕی و کردیە خاوەن مەکینەی درووماەنی خۆی. ئەم مەکینە درووماەنە بووە سەرچاوەی ژیانی ئەو خانەوادەیە لەماوەی ئەو ئابڵوقە ئابوورییەی ئێران لە کۆتاییەکانی هەشتان و نەوەدەکان خستبوویە سەر عێراق.


> ئەم کارە نەک هەر پارە پەیداکردنە بە تەنیا، بەڵکو لەگەڵیشی دا فێری توانا و لێهاتوو دەبم، هاوڕێ پەیدادەکەم و لایەنی کۆمەڵایەتی ژیانم پیادەدەکەم.
>
> مەهاباد شەریف



### شیرینی دایکی ساهر

بەگەیشتن بە دەرگای دووکانی شیرینی سەعدیە حەمزە لە دیووی پشتەوە، دەستبەجێ ژاوەژاوی شەقامە قەرەباڵغەکانی شاری بەغدا نامێنێت و ئارامی باڵدەکێشێتەوە. لە حەوشەیەک کە پڕە لە داری هەنجیر و لیمۆ، ئافرەتێک دانیشتووە و خەریکی پیاز پاککردنە، لەولاشەوە مریشکەکان دەلاوەڕان و دەنووکیان لە گژوگیایەکە دەگێڕا. لە ژووری سەرەوەش، منداڵێک خەوتووە و دایکیشی، ڕەندە سەعدی تەمەن ٤١ ساڵ، باسی ئیش و کارە گرنگەکانی ئەو ڕۆژە بۆ کارکەرەکان دەکات.

> مەحاڵ بوو تەنیا بە مووچە بتوانین پاڵپشتی خانەوادەکانمان بکەین.
>
> ڕەندە سەعد



### ساڵۆنی چرپە

دوو ساڵ پێش ئێستا، بۆ یەکەمجار نوور ئەحمەد لە دەرگای ساڵۆنەکە هاتە ژوورەوە و کچەکانیشی هێواش هێواش لەدوای دەرۆیشتن، ئەو کات ژیانی زۆر جیاواز بوو. لە ڕووکەشدا، نوور خانەوادەیەکی خنجیلانەی هەبوو، هاوسەر و دووکچی جوان و چاوگەشی هەبوو. بەڵام هەر لەگەڵ ناسینی ئەو ئافرەتە ڕووخۆشانەی کە کاری ئارایشتکردنی دەستونینۆک و پرچ برینیان بۆ دەکرد، نوور کەوتە باسکردنی دیووەکەی دیکەی ژیانی، ژیانی پشت دەرگا داخراوەکان، ژیانێک کە هاوسەرەکەی تیایدا ڕۆژ بەڕۆژە توندوتیژتر دەبوو.

> لێرە دەتوانم دونیا و خۆم لە بیرکەم و فۆکەسم لەسەر ئەو ئیشە بێت کە حەزی پێدەکەم.
>
> شروق زیا

لێرە تەواوی چیرۆکەکە بخوێنەوە

# دەستکەوتە سەرەکییەکانی

## پرۆگرامی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی ئافرەتان

**ئەوەی سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی ڕێکخراوی IOM فەراهەمیکردووە**

لەوەتەی ٢٠١٨

کار و بزنسی ئافرەتان
**٤٨٦**

خستەسەرکاری فوڵ تایم
**٢٠٤٢**


خستەسەرکاری ئافرەتان، فوڵ تایم
**١٣٥٢**

ڕێکخراوی IOM بە بڕی
**٦,٨٨٤,٢٩٩$**
پاڵپشتی سەرمایەی دارایی دابینکردووە

**٢,٤١٨,٠٨١$**
لەلایەن خاوەنکارانەوە هێنراوەتە ناو کار و بزنسەکانیان


## ڕووماڵی پرۆگرامەکە

ژمارەی ئەو ئافرەتە خاوەنکار و بزنسانەی کە هاوکاری ماددیان پێدراوە لە هەر پارێزگایەک دا




کار و بزنسە پەسندکراوەکانی ئافرەتان

## جۆری کار و بزنسەکان بەپێی کەرتەکان




خزمەتگوزاری • بەرهەمهێنان • خۆراک • کشتوکاڵ • هی دیکە • خوێندن • کوتاڵفرۆشی
بازرگانی گشتی • بازرگانی تەکنەلۆژی، میوانداریکردن، بیناسازی و دەرمان

# مەرج و پێوەرەکانی هەڵبژاردن

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی ئافرەتان پرۆسەیەکی هەڵبژاردانی چەند قۆناغی بەکاردەهێنێت کە تیایاندا کار و بزنسەکان فلتەر دەکرێن و بە سیستەمێکی وورد و وریای خاڵ پێدان/خاڵ وەرگرتن دەپاڵێورێن. ئەم هێڵکاریەی خوارەوە پوختەی ئەو قۆناغە جۆراجۆرانە نیشاندەدات کە کار و بزنسەکان پیایاندا تێدەپەڕن بەر لەگەیشتن بە وەرگرتنی هاوکاری ماددی لە کۆتاییەکەی دا.

١ پلاندانان – ٢ هەفتە
راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی فۆرمی داواپێشکەشکردنی نیشاندانی ئارەزوو

٢ داواپێشکەشکردن – ٨ هەفتە
ناردانی فۆرمی داواپێشکەشکردن بەتەواوی

٣ هەڵبژاردن – ٢ هەفتە
هەڵبژاردانی کار و بزنسەکان

٤ بەخشین – ٤ هەفتە
واژۆکردنی رێککەوتن

٥ جێبەجێکردن و چاودێریکردن – ٦ بۆ ٢ هەفتە
تەواوکرنی پرۆژە

## ١ دانانی کار و بزنس

- توێژینەوەی کەڵکدار و شیاویەتی، شیکاری بازاڕ بۆ کار و بزنسەکە و ڕووپێوی و هتد.
- دەبێت ماوەی دانانی بزنسە کە لە ١ تا ١٢ زیاتری پێنەچێت.
- دەبێـت ئافرەتە خاوەنکارەکان خول و ڕاهێنانی دانانی کار و بزنسیان بینیبێت کە ئەو خولانە لەلایەن (ڕێکخراوە ناحکومییەکان یان دام و دەزگاکانی خول و ڕاهێنانەوە) کراونەتەوە.
- دەبێـت پلانی بزنسەکە زۆر بە باشی درێژرابێت و ئامادە کرابێت، بەجۆرێک کە ئامادەبێت بۆ وەبەرهێنان.
- دەبێت خاوەن بزنسەکە توانای نیشاندانی ئەوەی هەبێت کە کار و بزنسەکەی چ کەلوپەل، بەرهەم و خزمەتگوزاریانەی بە کڕیاران دەدات.

## ٢ ئەو کار و بزنسانەی کە لە قۆناغی دەستپێک و سەرەتادان

- دەبێت بزنسەکە توانای نیشاندانی ئەوەی هەبێـت بە بەخێرای و بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەدەکات (بە مانایەکی دیکە، فیگەر و ژمارەکانی فرۆشتن و گەشەسەندن، پلانی فراوانکردنی کار و بزنس، شیکاری بازاڕ و ڕووپێوی و هتد)
- دەبێـت لە ئێستادا بەلایەنی کەمەوە کارمەندێک یان زیاتری هەبێت
- کاتێک ئەو داواکارییە پێشکەشدەکات، دەبێت ئەو کار و بزنسە، بەلایەنی کەمەوە، ماوەی ساڵێک تا سێ ساڵ بووبێت کە لە کاردایە.
- دەبێـت هاوڵاتییەکە خول و ڕاهێنانی کار و بزنسی بینیبێت کە ئەو خولانە لەلایەن (ڕێکخراوە ناحکومییەکان یان دام و دەزگاکانی خول و ڕاهێنانەوە) کراونەتەوە (ئارەزوومەندانەیە).

## ٣ ئەو کار و بزنسانەی کە لە قۆناغی دوای دەستپێک/سەرەتادان لە قۆناغی و دواتر دان

- کاتێک ئەو داواکارییە پێشکەشدەکات، دەبێت ئەو کار و بزنسە، بەلایەنی کەمەوە، ماوەی ساڵێک تا سێ ساڵ بووبێت کە لە کاردایە.
- دەبێـت لە ئێستادا ، جگە لە خودی خاوەنکارەکە خۆی، چەند کارمەندێکیشی هەبێت.
- دەبێت خاوەن بزنسەکە ئامادەیی ئەوەی تێدا هەبێت کە، بەلایەنی کەمەوە، خول و ڕاهێنانی سەرکار بۆ ئافرەتێکی کارخواز بکاتەوە و ماوەی خول و ڕاهێنانەش لە سێ مانگ کەمتر نەبێت.

**یان هەر لە مۆبایلەکەتەوە ئەم کیو ئار کۆدە سکان بکە و داواکاری پێشکەش بکە**

| | |
|---|---|
| بۆ داوا پێشکەش بە سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان بە ئۆنلاین، سەردانی وێبسایتی سندوقەکە بکە<br>edf.iom.int | یان هەر لە مۆبایلەکەتەوە ئەم کیو ئار کۆدە سکان بکە و داواکاری پێشکەش بکە |

german cooperation DEUTSCHE ZUSAMMENARBEIT
Implemented by: KFW
Funded by the European Union
USAID FROM THE AMERICAN PEOPLE
KOICA Korea International Cooperation Agency
SUOMI FINLAND